به ناوى كوردستانى گەورە !

# چۆمى ئاراز، كڵاوى چوار برا !

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

لە باژاڕۆكى چكوڵە و خونچيلانەى جيهانى ئەمڕۆدا، كە لەبارى هاتوچۆ و ڕاگەياندنەوە، هێندە چكۆلە بوەتەوە، چەشنى كوێرە دێيەكى سەد ساڵ پێشە، دەبێ تەواوى بۆچوونەكانمان، دوور لە هەڵە وزەڵڵە بێ و بێ بەش لە ڕوانگەى ڕەگەزپەرەستى، دەنا هەمو دەزانن وانيە، شتەكانمان لێ تێكەڵ دەبێ و بە وتەى كوردى دەبێتە دۆدى وبۆدى.

كە باسى ڕەگەزپەرەستى (Racism) م كرد، مەبەستم لە ڕوانگەيەكى شێڤێنيستانەيە كە مروڤ خۆى لە گشت خەڵكى جيهان بە شازتر بزانێ، پێى وابێ خۆێنى ئەو لە هى تەواوى نەتەوەكانى ڕەگين ترە، هەمو شتێك بۆلاى خۆى بكێشێ و هەر بە پێوانەى خۆى بيپێوێ، كە ئەمە لە جوامێرى و پياوچاكى كورد ناكاڵێتەوە، كورد قەتيش وا نەبوە و هەرگيزيش وا نابێ. بەڵام ديارە، ڕەگەز پەرەستى لە گەڵ وڵاتخۆشەويستى (Patriotism) دا تۆفيرى پەڕاوپەڕى هەيە، كە بە ماناى خۆشويستنى زێد و نيشتمانە و هەمو كوردێك ئەم خەسڵەتە چاكەى هەيە و دەشبێ بيبێ.

بە لەبەر چاوگرتنى ئەو فەلسەفە فرەلايەنەى سەرەوە، دەبێ بە پێى بۆچوونە زانسى و ڕاستەقينەكانى ئەم سەردەمە كامپێوتيريە، لە زۆر شتى پێشو بڕوانينەوە، وردبيبنەوە و ئەگەر بۆچوونێكى هەڵەى تێدا بوە، لە سەر هێڵى زانيارى و بيرمەندى، ڕاستيان بكەينەوە.

يەكێك لەو شتانەى كە دەبێ سەرلەنوێ تێيان بڕوانينيەوە، مەبەستى چۆمى فرەخاوەنى ئارازە. چون ئەم چۆمە وەك كڵاوى چوار براى لێهاتوە و چ كورد، چ ئەرمەنى، چ ترك و چ فارس دەڵێن ڕووبارى ئاراز هى ئێمەيە و هەر كاميان، ناوى ئاراز بە دڵنياييەوە دەنێن لە منداڵيان، ئارازيان پێى پيرۆزە، خۆشييان دەوێ و بە كورتى تەواو بە هى خۆيانى دەزانن.

كەچى ڕاستەقينە نيشانى دەدا، كە ئەم چۆمە بەتەنيايى هى هيچ كامێك لەم گەلانە نيێە، بەڵكە هەر چواريان كەم يا زۆر تێيدا هاوبەشن، وەك بەڵگە ڕوونى دەكەمەوە، كە :

١-چۆمى ئاراز، هێنديێك لە لقەكانى، لە ناوچە كوردنشينە بێزمانەكانى كوردستانى بەشى تۆركيا ( وڵاتى تركانى عەنەدۆڵ !) وە سەرچاوە دەگرێ و بە نێو هێنديێك لە ناوچە كوردنشينەكانى بەشى ئێرانى بە ناو برامان و ئەرمەنستانى بە ناو ئامۆزاماندا، بە لەنجە و لار تێدەپەڕێ.

٢- ئەم چۆمە مەزنە، لە هێنديێك جێگە، لە ناوچەكانى كۆمارى ئەرمەنسستانەوە سەرچاوە دەگرێ و تێدەپەڕێ.

٣- بڕێك لە چۆمى ئاراز، لە ناوچە تركنشينەكانى توركياوە، سەرچاوە دەگرێ و بە هێنديێك لە ناوچە تركنشينەكانى بەشى ئێران وكۆمارى ئازەربايجانيشدا نێدەپەڕێ.

٤- بە پێى سنوورە جوڕافياييە لارووێرە داتاشراوەكانى ئێستا، ئەم چۆمە لە سەدان كيلۆمێتر خاكى ئێرانەوە تێدەپەڕێ.

ڕەنگە بڕێكيشى لە گورجستانەوە بێتە خوارەوە ؟

جا بە لەبەرچاوگرتنى ئەو ڕاستەقينە جوغرافياييانەى سەرەوە و بە بير كردنەوە لە ئاڵوگۆڕە جۆربەجۆرە مێژوويەكان، كێ دەتوانێ بە چەشنى دادگەرانە، بڵێ چۆمى ئاراز، چۆمى تەنيا يەكێك

لەوگەلانەیە؟. چۆمی ئاراز، چۆمێکی نێو نەتەوییە و دەکرێ بڵێی وەک چۆمی دانووب وایە و یە بەشی زۆر گەلانی پێوەیە، کە یەکێکیان کوردی بەشخوراوی، لەبیرکراوی، حاشالێکراوە.

بە هیوام باقی ئەو گەلانەی دیکەش ددانی دادگەری بەم راستەقینە بەرچاوە دا بنێن، بیدرکێنن و نەلێن ئەم چۆمە فرەخاوەنە، تەنیا ملکی باووباپیرانی ئەوانە و بە شی کورد و کەسی دیکەی پێوەنیە.

دەلێن قسە قسە دێنی : لێرەدا، دەمەوێ تاقێکی هەرە مێژوێێ بۆ لای رووداوێکی یەکجار حەمماسی لێدەم و بگەڕێمەوە بۆ پەرینەوە مێژوییکەی قارەمانی ناوداری کورد، سەرۆک مستەفا بارزانی، لە چۆمی ئارازەوە - کە زۆر لە چوونەدەرەوە (exodus) کەی مووسای پەیامبەر دەکا، لە چۆمی نیلەوە. وەبیر گەڕانەوەی دە هەزار نەفەرە (ANABASE) ی ئەسکەندەری یۆنانیشمان، دەخاتەوە، بەلام داخەکەم، لەو سەفەرە پڕ خەتەرەدا، جێگەی مێژوونوسی وەک گزێنۆفۆن خالی بوە، کە رۆژ بەرۆژ ئەو رووداوە کەموێنەیە، وەک گەڕانەوەی دەهەزار نەفەری(ANABASE ) بنووسێ. جا، چۆمی ئاراز لەم بارەیەوە، لە مێژوی کوردا ناوێکی هەرە هەرماو ی هەیە، کە هاوشانی ناوی هێلێسپۆنت ( پردی یۆنان) ە، کە لە نێوان قوڕنەی ئوڕۆڕوپا و ئاسیادا، لە سەر تەنگایی داردانێل، لە کاتی شەڕی نێوان ئەسکەندەری یۆنانی و خەشایەرشای عەجەمدا، هەلبەستراوە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت